# چەمکی شاعیر لە دەقی شیعری لەتیف هەڵمەتدا

**ID No: 476**

(PP 255 - 270)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.15

**پشتیوان ئەسعەد کەریم**

بەشی پەستاری، کۆلێژی تەکنیکی سۆران، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

Pshtiwan.kareem@epu.edu.iq

**سەلیم ڕەشید سالح**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Salim.salih@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/08/10**

**پەسندکردن : 2022/10/13**

**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

چەمکی شاعیر؛ لە سایەی داهینانەکەیەوە- شیعرەوە- جیاوازبوون و ئەرک و سەرچاوەی داهێنانەکەیەوە؛ لە زۆر دید و گۆشەوە سەیرکراوە، هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆش لەگەڵدابێت؛ جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن بووە، وەک شێت، داهێنەر، خاوەن بەهرە و ئەزموون... ناسێنراوە، ئەمەش پەیوەستە بە بینینە جیاوازەکان و ڕۆڵ و پێگەی داهێنانەکەی.

لەتیف هەڵمەت؛ یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی و لە بوارەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، لە دەقەشیعرەکانیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بارەی تایبەتمەندی شاعیر و ئەرکەکانییەوە دواوە، تێیدا بۆچوون و تێگەیشتنی لەبارەی شاعیرەوە -بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ- دەربڕیوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە؛ ڕێکخستن و خستنەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ بکرێن.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە: پێشەکی، پوختە، دووبەش: بەشی یەکەم بە ناونیشانی: "چەمکی شاعیر لە دیدە جیاوازەکانەوە" یە، بە شێوەیەکی تیۆری لەبارەی چەمکی شاعیرەوە؛ لە دوو تەوەردا؛ بە ناونیشانەکانی: ( شاعیر و مرۆڤی ئاسایی، شاعیر و ڕاستی) باسکراون، کە تێیدا لایەنی جیاوازی و تێڕوانینە جیاوازەکانی بینینی شاعیر لە دیدی فەیلەسوف و ڕەخنەگرانەوە خراونەتەڕوو، بەشی دووەم بە ناونیشانی: "چەمکی شاعیر لە دەقی شیعری لە تیف هەڵمەتدا" یە، هەڵوەستە لەسەر بۆچوونەکانی لەتیف هەڵمەت لەبارەی شاعیرەوە کراون، لە پێنج تەوەردا بە ناونیشانەکانی: ( شاعیریی بۆ ترسنۆکەکان نییە، شاعیریی یان مامەخەمەیی، شاعیریی لەنێوان سروشتبەرزی و بەرژەوەندیی کەسیدا، پێگە و ڕۆڵی شاعیر، شاعیریی و شێتی) خراونەتەڕوو، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لە پێنج خاڵدا کورتکراوەنەتەوە، لەپاشاندا لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکانیش خراونەتەڕوو، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراون.

**کلیلەوشەی توێژینەوە**: شاعیر، شاعیریی، لەتیف هەڵمەت، یاخیبوون، ئەرکی شاعیر، سەرچاوەی شیعر.

## 1. پێشەکی :

شاعیر وەک داهێنەری دەقی شیعری لە پرۆسە و کایەی ئەدەبیدا پێگەی تایبەتی هەیە، جیاکردنەوە و پەراوێزخستنی لەدەق و کاریگەری بەسەر وەرگرانەوە؛ کارێکی ناپەسندە، چونکە شاعیر جەمسەری یەکەمی کایەکەیە، بۆیە لە ڕەخنەی ئەدەبی – بەتایبەت لە ڕەخنەی کۆندا -زۆر گرنگی پێدراوە و هەوڵدراوە لێتێبگەن، تەنانەت لە ڕەخنەی تازەشدا – سەرەڕای مەرگی نووسەریش- هەر جێگەی بایەخبووە، هەروەها هەڵوەستە لەسەرکردن و ناساندنی شاعیر کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە خودی چەمکەکە پەیوەستە بە بەرهەمەکەیەوە؛ کە شیعرە، شیعریش چەمکێکی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە کۆمەڵێک چەمکی ترەوە، جا بەمشێوەیە درێژدەکێشێت و لە دیدی جیاوازەوەش سەیردەکرێت.

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکەمان: (چەمکی شاعیر لە دەقی شیعری لەتیف هەڵمەتدا) لە سۆنگەی شیعرەکانی "لەتیف هەڵمەت"ەوە سەرچاوەی گرتووە، هەوڵێکە بۆ دەرخستن و شیکردنەوەی ڕوانینەکانی "هەڵمەت" لەبارەی چەمکی شاعیرەوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەمان پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە: ( مەبەست لە چەمکی شاعیر و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت" بە نموونە وەرگیراون)،

هەروەها (لەتیف هەڵمەت؛ یەكێكە لەو شاعیرە دیار و بەرچاوانەی ڕۆڵی سەرەكی بینیوە لە نوێخوازیی شیعری كوردیدا و ناوێكی دیار و شاعیرێكی گەشاوەیە لە بوارەكەدا، بۆیە تێڕوانینەكانی لەبارەی شاعیرەوە؛ جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەركردنە)، لەگەڵ ئەمانەشدا ( ڕەنگدانەوەی چەمكی شاعیر بە شێوەیەكی بەرفراوان لە دەقە شیعرییەكانی لە تیف هەڵمەتدا و دیاریكردنی جیاوازبوون و ئەرك و پێگە و ڕۆڵەكەی لە زۆر ڕووەوە).

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەكەمان تێگەیشتنە لە چەمكی شاعیر و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە دەقە شیعرەكانی لەتیف هەڵمەتدا، بە ئامانجی خستنەڕوو و شیكردنەوە و لێكدانەوەی بۆچوونەكانی هەڵمەت لەبارەی شاعیرەوە.

**سنووری كاری توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا پشت بە "دیوانی لەتیف هەڵمەت" بەستراوە، كە كۆبەرهەمەكانیەتی و لە ساڵی ٢٠١٤ دا چاپكراوە، كۆمەڵێك نامیلكەی شیعری شاعیری لە خۆگرتووە، لەوانە: (خوا و شارە بچكۆڵەكەمان ١٩٧٠)، (ئامادەبوون بۆ لە دایكبوونێكی تر ١٩٧٣)، ( پرچی ئەوكچە ڕەشماڵی گەرمیان و كوێستانمە ١٩٧٧)، ( گەردەلوولی سپی ١٩٧٨)، ( ئەو هۆنراوەیەی تەواو دەبێ و تەواو نابێ ١٩٧٩)، ( وشەی جوان گوڵە گوڵ ١٩٧٩)، ( سرودی هەژاران ١٩٨٣)، ( ئەم ڕووبارە وشك ناكات ١٩٩١)، ( گوركەكانی لەتیف هەڵمەت ١٩٩٧)، ( تەبایی و ململانێ نێوان هاووڵاتییە ئەلیكترۆنییەكانی كۆماری لەتیف هەڵمەت ٢٠٠١) ( ددانی پاشەڕۆژ وەكو ددانی جەنگ سپییە)، ... .

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەكەدا پەیڕەوی میتۆدی وەسفی شیكاریی كراوە.

## 2. چەمكی شاعیر لە دیدە جیاوازەكانەوە:

### 2. 1 شاعیر و مرۆڤی ئاسایی:

شاعیر بەر لەوەی شاعیربێت، مرۆڤە، بەڵام لەسەروی مرۆڤی ئاساییەوەیە و زۆر هەستیارە بە بابەت و ڕووداوخەكانەوە، تا ڕێژەیەكی وا جیاواز دەركەوتووە، بە شێت، یاخود بە بەهرەمەند و هونەرمەند لە قەڵەمیانداوە[٢]، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت باسی بكەین، ئەوەیە: ئایا شاعیر چی لە كەسی ئاساییەوە زیاترە، ئەو تایبەتمەندییانە چین كە لە شاعیردا هەن و لە مرۆڤی ئاساییدا نین، بۆ وەڵامدانەوەی دروستی ئەو پرسیارانە، پێمانباشە ڕوو لە سەرچاوەكانی شاعیر بكەین، كە بۆ نووسینی شیعر لە شاعیردا هەن، كە بە سەرچاوەی شیعر ناسراون، كەچی لە ڕاستیدا(( پرسیاركردن لە سەرچاوەی شیعر، پرسیارێكە زیاتر پەیوەندی بە شاعیرەوە هەیە تا شیعر))(سابیر، ٢٠٠٨، ل٥٩)، هەروەها بەشێك لە سەرچاوەكان لە شاعیردا دەرەكەین و بەشەكەی تریشان ناوەكین، ((واتا دوو هێز لە دانانی شیعردا ڕۆڵ دەبینێت: ١. هێزی سەرچاوەی دەرەكی: ئەو هێزەی لە دەرەوەی شاعیر بۆ دانانی شیعر هاوكاری شاعیر دەكات، وەك: ئیلهام، لاساییكردنەوە، كاروكاردانەوە...، ٢. هێزی سەرچاوەی ناوەكی: ئەو هێزەی لەناوەوەی شاعیر لە بەرهەمهێنانی شیعردا هەیە، وەك: فیترەت، سروشت، بەهرە، سەلیقەت، ئەزموون... جا لە ڕێگەی مەشق و هەوڵدانەوە چنگی كەوتبێت، یاخود خۆڕسكانە و لەگەڵ لە دایكبوونیدا وەریگرتبێت)) (تاقانە، ٢٠١٦، ل٢١٢)، بەشێك لەم جیاوازبینینانە شاعیر دەخاتە قاوغێكی دیاریكراوەوە و جیادەكاتەوە لە كەسانی ئاساییدا، ئەوەیە: شاعیریی بەهرەیەكە و بە زگماك (فیترەت) هەروەك چۆن كەسێكی دەنگخۆش كە بە زگماك دەنگخۆشی هەیە و بێ ماندوبوون و هەوڵدان چنگی كەوتووە سەیردەكات، وەك ئەوەی "بوالۆ" بۆی چووە، ئەو تایبەتمەندییەی شاعیر دەكات بە شاعیر (مەرجە مرۆڤەكە بە شاعیریی لە دایكبووبێت)(درویش، ؟، ص٢٢٩)، لەم دیدەوە بەهرەی شاعیریی توانایەكە لە شاعیردا لەگەڵ لەدیكبوونیدا تێیدا چەسپاوە، بەڵام "هۆراس" پەرەپێدانی و بەگڕخستنی بەهرەكەی شاعیر لە ڕێگەی شارەزابوونەوە بەهەند وەردەگرێت، بەم چەشنە وەڵام دەداتەوە: (ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە، بۆم ساخ نەبۆتەوە، كە ئایا خوێندن بەبێ شنەی زۆر و زەبەندی بەهرەی زگماك، یاخود بەهرەی زگماك بەبێ خوێندن چ بەرووبوومێكیان ئەبێت، هەریەكەیان زۆر پێویستی بەویتریان هەیە و پەیمانی دۆستایەتییەتی بەردەوامی پێ ئەدات))( هۆراس، ١٩٧٩، ل٣٤). كەواتە لەم دیدەوە شاعیر خاوەن بەهرەیە، وایدەبینن كە بەهرە توانایەكی چەسپاوە لە شاعیردا و بە زگماك ئەو بەهرەیەی پێدراوە، چونكە زگماك(فیترەت) ئاماژەیە بەو(سیفەتەی كە لە مرۆڤەدا هەیە، لە یەكەم كاتی دروستبوونییەوە)(الكفوی، ؟، ص٣٥٦)، بەوواتایەی كە بەهرە توانایەكە( خودا بەبەشێك لە مرۆڤەكانی دەبەخشێت، بەمەش لە داهێنانی هونەر و چەندین بەهرەی تردا جیاندەكاتەوە) ( نعمة و اخرون، ٢٠٠٣، ص١١٣٩)، بەمەش بەهرە وەك بنەما و بنەڕەتیبوون بە شاعیر دانراوە، كە

لەکەسانی ئاساییدا نییە و بۆیە نەبوون بە شاعیر، ڕەنگە هەر بوونی ئەم بەهرەیە بێت، کە چێژ (زەوق) و سەلیقە بە شاعیر ببەخشێت، چونکە چێژ (زەوق) و سەلیقە دوو زاراوەی پڕبەپێستی چەسپاوی بەهرەی شاعیرن، چێژ (زەوق) (پەیوەندی بە چێژ وەرگرتنی جوانییەوە هەیە، لەڕووی زاراوەییەوە بریتییە لە: کەرەستەی هەستی جیاکاری چیژی هونەری و کاریگەری دروستکردن لەسەر وەرگر)(تکرونی، ٢٠٠٢، ص٣٤)، هەروەها "سەلیقە" (خوو و تایبەتمەندی و سروشت و پێکهاتەی کەسێك دەگەیەنێت، سەلیقەدار – خاوەن سەلیقە- لەگەڵ کەسانی تر لەدەربڕین و کردەوە و لە هەڵبژاردنی شتی جوان و چاکدا جیاوازە)(دهخدا ، ١٣٧٧ش، ص١٣٧٤١). بۆیە دەتواندرێت ئەم دوو ئەدگارەی شاعیر وەک کۆڵەگەی جیاکاری شاعیر لەکەسانیتر سەیربکرێت، سەرەڕای ئەمەش تەنانەت سەرچاوەی خورپە (ئیلهام) بۆ شاعیر چێ بکات، جا لە ڕێگەی خواوەندی شیعرەوەبێت، یاخود جن و شەیتانەوە، "بوالۆ" پێی وایە: (هۆی ئەوەی شاعیر ئیلهامی پیدەگات، ئەوەیە بە شاعیریی لەدایکبووە)(درویش، ؟، ص٢٢٤)، بۆیە دەکرێت لەم ڕووەوە سەرچاوەی خورپە(ئیلهام) وەک خاڵی جیاکاری شاعیر لە کەسی ئاساییدا ببینین، چونکە ((زۆرێك لە نووسەران پێیان وایە: ئیلهامیان بۆ دێت، هەست بەبوونی پەیوەندییەك دەکەن، لە نێوان قوڵایی ناخیان و ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی باڵاوە پێیان دەگات))(فتحی، ١٩٨٦، ص٤٦)، لەسایەییەوە بەرهەمەکەیان لەدایکدەبێت، بەڵام ئاماژەدان بە سەرچاوەی ئیلهامەکەش جیاوازە، دەرەکییە، یاخود ناوەکی، خواوەندە، نەستە،...، لەبەرئەوەی (بەستنەوەی سەرچاوەی داهێنان بە نەستەوە لەلایەن دەروونناسەکانەوە هەمان ئەو بیرۆکەیە بوو، کە لایەنگرانی تیۆری خورپە (ئیلهام) بۆ داهێنان هەیان بوو)(ئەحمەد، ٢٠٢٠، ل٣٩).

خاڵێکی تر لە سەرچاوەکانی شاعیر ئەزموونەکەیەتی، کە پێچەوانەی خورپە(ئیلهام) و سەرچاوەی دەرەکی هاریکار دەوەستێت، خودای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ)(قورئانی پیرۆز، ٣٦:٦٩). کە جەخت لەسەر ئەزموون و فێربوون دەکاتەوە[٣]، چونکە (قورئانی پیرۆز وشەی وەحی یان ئیلهامی بەکارنەهێناوە، مادەی عەلیمە (علم) و هەموو وشە لێ داڕێژراوەکانیش ئەوە دەگەیەنن کە سەرچاوەی هۆنراوە لە تێڕوانینی قورئانی پیرۆزەوە خورپە و ئیلهام و ئاکامی پەنهانی نییە، بەڵکو سەرچاوەی فیربوون و زانستە)(بەسیر،١٩٨٣، ل٣٩)، لەم ڕوانینەوە شیعر دەبێت بە کارێکی پیشەیی و لێهاتوویی و دەستڕەنگیی شاعیر و بە ئەزموونی شاعیرەوە گرێدەدات، بەمەش شیعر وەک زانست(عیلم)، یاخود وەک پیشە(سەنعەت) دەیناسێنێت، ئەرستۆ داهێنانی شیعر بە غەریزەی لاساییکردنەوە لای مرۆڤ دادەنێت و غەریزەی لاساییکردنەوەش لای هەموو کەسێک هەیە، (کەچی هەمووان نابن بە شاعیر، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: ڕاستە شیعر لاساییکردنەوەیە و ئەو غەریزەیەش لە لای هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەو غەریزەیە پەروەردە دەکەن و گەشەی پێدەدەن، دەبن بە شاعیر، ئەوانیتر کە غەریزەکەیان پەروەردە ناکەن، وەکو خۆیان دەمێننەوە و نابن بە شاعیر)(گەردی، ٢٠١٧، ل٥٤)، بەم پێیە ڕاستەوخۆ داهێنانی شیعر بەرەو زانست و ئەزموون دەچێت و دەبێتە کارێکی هونەری، هەر لەم دیدەشەوە پێمانوایە سروشت(تەبع)ی ڕاهێنراوی شاعیر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێرێت، چونکە سروشت (تەبع) بەواتای (خۆڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر شتێك بەدرێژایی ژیانی لە شێوەی چەسپاندن لە هەست و بیری کەسەکەدا)(الفیروزابادی؟، ص٧٩٠)دێت، کە لە سایەی فێربوون و ئەزموونی خودی و کۆمەڵگەوە لە شاعیردا دەچەسپێت، (ئەرستۆ هێڵی جیاکاری سەرەکی سروشتی شیعری (تراژیدی) و (کۆمیدی) بە میزاجی لاساییکردنەوەی شاعیرەوە دەبەستێتەوە، سروشت بەرزی شاعیر لاسایی شتە بەرزەکان دەکاتەوە و سروشت نزمی شاعیریش لاسایی شتە نزمەکان دەکاتەوە) (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل٢٢)، ئەوەی گرنگە بۆ باسی بابەتەکەمان ئەوەیە: شاعیر جیاوازە لە کەسانی ئاساییدا، بۆیە پێمانوایە تا جیاوازتریش بێت، شیعری بەپێز و جوانتر دەخاتەوە، جیاوازییەکەشی خۆی لە بەهرە و ئەزموون و یاخیبوونەکەیدا ... دەبینێتەوە، هەروەها شاعیر هەستیارە بە بابەت و بارودۆخەکانەوە، هەرزوو سەرنجیڕادەکێشن و کاریتێدەکەن و بەشیعر کاردانەوەی دەبێت، ڕەنگە ئەو لەبارییەی بۆ شاعیر چێبوویێت، بۆ مرۆڤی ئاسایی نەڕەخسێت.

**2 .2 شاعیر و ڕاستی:**

شاعیران لەبارەی زۆر شتەوە دواون و دەدوێن، شاعیر و خەیاڵکردن دوانەیەکی بەیەکەوە بەستراون و شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە شیعر دەڕازێنێتەوە، خەیاڵ وەک ڕەگەزی سەرەکی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دانراوە، چونکە (ئەگەر خەیاڵ نەبێت، بەیان و ئەدەب دەوەستێت، ئەگەر خەیاڵ نەچێت پەیکەری بۆ دروست بکات و پاشان وشەکان دەرببرێت، وشەکان بە تەنیا ناتوانێت بچێت ئەو گوزارانە بێنێت و بە شێوەیەکی کاریگەر بیانخاتەڕوو)(ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ل١١)، بۆیە شاعیر کە بیرۆکەیەکی لا گەڵاڵە دەبێت، ڕاستەوخۆ پەنا بۆ خەیاڵ دەبات، خەیاڵ لە داهێنانی دەقی شیعردا بەردەوامی بە جوانییەکانی هونەر دەدات و ((بەبێ خەیاڵپێڵاویی نەمریی، مرۆڤ ناتوانێت گوزارشت و داهێنان لە جوانییەکانی ژیان بکات و بچێتە ناو بەردەوامییەوە))(ڕەنجدەر، ٢٠٠٥،

ل١٠٦)، ڕاستی و خەیاڵ دووبابەتی لەیەک جودان، شاعیر ئەو ڕاستییەی دەوێت؛ کە لە خەیاڵەوە بەدیدێت و دەبێتە ڕاستی، ئەوەی پێویستە بیڵێین: شاعیر بە شێوازی خۆی هەم دەزانێت و هەم ڕاستی دەڵێت، بەڵام بە قاوغە فەلسەفییەکەی خودی شیعر، نەوەک فەلسەفەی ڕووت.

کۆڵەگە و چەقی باسی ڕەتکردنەوەی شاعیر لە کۆماری ئەفلاتوندا؛ پەیوەستە بە زانین و ڕاستییەوە، ئەفلاتون (ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە شاعیران لەبارەی حەقیقەتی شتەکانەوە بزانن، لە یەکڕوو سەیری شتەکان دەکەن و لاساییدەکەنەوە و ناتوانن بوونی ڕاستی شتەکان دەربخەن و ببینن، بۆیە کاتێک لەبارەی شتەکان دەدوێن زانیارییان نییە، هەروەها ناتوانن فێرمان بکەن)( ئەفلاتون، ٢٠٠٨، ل٢١٧-٢١٩). بەڵام پێویستە ئاماژە بەو بۆچوونەش بکەین، کە ئەوە ڕەتدەکاتەوە، شاعیر نەتوانێت پەی بە ڕاستی ببات، چونکە (( ڕاستی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ئەو زانیارییە بێ ناو و نادیارانەی کە دەکەونە ئەمدیوی شت (مادە)کانەوە، کە لەوێدا خودی ڕاستییەکان بوونیان هەیە، هەڵبەتە دەکرێ ئەو زانیارییانەش تەنیا بە ڕێگای، یان لەنێو ژیربێژییەکی مەست- شیعراندندا وێنابکرێت)) (هەندرێن، ٢٠٠٧، ل١٣٨).

### 3. چەمکی شاعیر لە دەقی شیعری لەتیف هەڵمەتدا:

شاعیر لای "هەڵمەت"؛ کەسێکی هەستیار و بەهەڵویست و چاونەترس و خۆنەویست و ڕاستگۆ و بزێو و یاخییە، هەستیارە؛ زوو هەست بە شت و بارودۆخەکان دەکات، بەهەڵوێستە؛ تەنیا لە بابەتەکان ڕانامێنێت، بەڵکو هەڵوێست وەردەگرێت، چاونەترسە؛ لە وتنی مەبەست و ڕاستییەکاندا، خۆنەویست و ڕاستگۆیە؛ لەگەڵ خۆی و گەل و نیشتمانەکەیدا، بزێو و یاخییە؛ بەرانبەر هەموو نارێکی و نادروستییەک، لە پێناویاندا و لەپایدا ئێدەکۆشیت و تا لێواری مەرگ و تەنانەت بە مەرگیشی دەستبەرداری ئەم تایبەتمەندییانە نابێت، هەر نابێت و ناشێت شاعیر ئەم تایبەتمەندییانەیان فەرامۆش بکات، چونکە بنەڕەتیبوونی شاعیرە و ئەمەیە شاعیر بە نەمری دەهێڵێتەوە، لە خوارەوەدا هەڵوەستە لەسەر بۆچوونەکانی دەکەین، کە لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگیانداوەنەتەوە.

#### 3. 1 شاعیریی بۆ ترسنۆکەکان نییە[٤]:

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی شاعیریی لای هەڵمەت، ئازاییە، کە خۆی لە ئازایی لە وتن و چاونەترسی لەدوژمن و هەڵویست وەرگرتندا دەبینێتەوە، بۆیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زۆر شوێن لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێداوە و ئەوەی ڕەتکردۆتەوە، کە شاعیریی بۆ ترسنۆکەکان بشێت، لە کۆتایی شیعری "ئەڕۆم" دا دەڵێت:

| |
|---|
| ئەڕۆم دایە |
| ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە |
| گیانم وشەی |
| گشت شاعیرێکی ئازایە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ل ١١٩) |

هەڵمەت نموونە بە خۆی دەهێنێتەوە، کە بە ئازایانە شیعر دەنووسێت، ئەگەر هاتوو لەم ڕێگە و هەوڵ و خەباتەدا شتێکی بەسەربێت، ئەوە گیانی دەبێتە وشە؛ بۆ گشت شاعیرانێکی تری ئازا، کاری ترسنۆکەکان نییە؛ کە شیعری چاونەترسانە بخەنەوە و لە شیعرەکانیاندا بینووسنەوە، ئەمەش وای لە هەڵمەت کردووە، ڕووی دەمی لە شاعیرێکی ئازای نیشتمانپەروەری وەک "حاجی قادری کۆیی" بکات، هەرکات کە گەڕایەوە نیشتمان، بە شاعیرە ترسنۆک و بێ هۆش و لەپیاوکەوتووەکان بڵێت: کە شیعر بەرزە و کاری لێهاتوویی بەرزەکانە، بۆیە با خۆیان هیلاک نەکەن، کە بۆیان خۆی نزمبکاتەوە و بچەمێتەوە، دەڵێت:

| |
|---|
| خاڵە حاجی هەرچی ساتێ دەربازبوویت و |
| پەڕیتەوە لە ئاراس |
| بە شاعیرە ترسنۆک و مەست و خەساوەکان بڵێ: |
| هەوری شیعر سواری پشتی هەڵگورد دەبێ |
| ناخزێتە سووچ و میچی بارەکانی ئەبو نەواس) ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٤٥٥- ٤٥٦) |

شاعیریی لای هەڵمەت (دەست بەکڵاوگرتنەوە نییە، تا با نەیبا)، بەڵکو یاخیبوونە لە هەموو نارێکییەک، تەنانەت ئەگەر لە (شاری کوێرانیش بێت، دەست بە چاوی خۆی ناگرێت)، دەبێتە چاوڕاستی پەڕینەوەی هەژار و چەوساوان، پەنجەی هەق دەکات بەچاوی ستەمکاران و دەنگی زوڵاڵی ناڕازی لەشیعردا هەڵدەبڕێت[٥]، هەڵمەت و یاخیبوون دوانەیەکی بەیەکەوە گرێدراون،

((مرۆڤی یاخی بەرگری لەچەند بەهایەک دەکات، کە چەند بەهای تاکەکەسین، هێندەش دەستەجەمعین. هەر لێرەشەوەیە دروشمی یاخیبوون دەبێت بە " من یاخی دەبم، کەواتە ئێمە هەین"))(بەرزنجی، ٢٠١٦، لXXVI)، بەلای هەڵمەتەوە ئەگەر لە پێناویشیدا سەربنێتەوە، ڕفتارێکی شێتانەی نەکردووە، بەڵکو سەربەرزییە و سەربەرزی نواندووە، بۆیە لە دەقی " دوو ئاگاداری لە لایەن هەستیارێکی نەناسراوەوە" و لە "ئاگادری یەکەم"دا دەڵێت:

| |
|---|
| من نامەوێ وشەکانم بفرۆشم |
| من نامەوێ وشەکانم وەکو مێگەل |
| بۆ پادشای شار بدۆشم |
| من نامەوێ ببم بەسەر کاری کافوور |
| هۆنراوەمی بۆ ڕابخەم وەکو مافوور |
| هۆنراوەمی بۆ ڕیز بکەم وەکو فەخفوور |
| هۆنراوەمی بۆ قاش بکەم وەک سێو وەک توور |
| هۆنراوەمی بۆ ئاگردەم وەکوو بخوور |
| یاخیم یاخیم... با پاشای شار من بناسێ |
| چی لەدەست دێ |
| جگە لەوەی هەڵم واسێ ( هەڵمەت، ٢٠١٤،ل٧٢) |

هەڵمەت ئەو چاونەترسییەی شاعیر و ئازایی لەوتندا، وەک کۆڵەگەی دڵسۆزی شاعیر بۆ مرۆڤایاتی و وڵاتپارێزی دەبینێت، بۆچوونی وایە: شاعیر دەبێت ڕاستی بڵێت، دڵسۆزی شاعیر لە هەقیقەت وتندایە و ئەگەر سوور بزانێت؛ هەر لەگەڵ وتنیدا دەکوژرێت، نابێت سڵی لێ بکات، ترس و نووسین یەکناگرنەوە و لەیەکترەوە دوورن، ((گەر مرۆڤ وەک نووسەرێک نەتوانێت بەبێ ترس بنووسێت، ئەوا هەق نییە هەرگیز بنووسێت))(ڕووشدی، ٢٠١٧، ل٣٣٢- ٣٣٣)، هەربۆیە "هەڵمەت" ڕووی دەمی لە شاعیران دەکات و دەڵێت:

| |
|---|
| شاعیرەکان هەر شاعیرێ |
| گەر ڕووباری شیعرەکانی |
| بۆنی خوێنی خۆی لێنەهات |
| پڕی بکەن لەتف و بەرد |
| لەگەنوو گوو |
| دڵسۆز نیە |
| نە بۆ مرۆڤ، نە بۆ وڵات ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٤٥٦) |

هەڵمەت پێداگری زیاتر لەو بۆچوونەکەی دەکات و ڕوونتر بۆچوونەکەی دەخاتەڕوو، ڕاستەوخۆ دەڵێت: شاعیریی هیچ واتایەک ناگەیەنێت، ئەگەر تا سەر ئێسقان بەرگریکار نەبێت لە چەوساوەکان و تا سەرتیاچوونیش بە هۆنراوە بۆیان نەجەنگێت، وەک دەڵێت:

| |
|---|
| شاعیر چیە |
| ئەگەر لەسەر هۆنراوەیەک |
| ئەگەر لەسەر چەوساوەیەک |
| کەوڵ نەکرێ...؟ (هەڵمەت، ٢٠١٤،ل٤٥٧) |

شاعیریی لای هەڵمەت تا سەر ئێسقان لایەنگریکردنە لە چەوساوەکان، جا چەوساوەکە ئاژەڵ بێت، یاخود مرۆڤ، بەوواتایەی شاعیریی هەستێکە لەگەڵ هەستکردن بە چەوساوەیی چەوساوەکاندا پەیدادەبێت، بە جۆرێک شیعر دەبێتە دەرئەنجامی هەستی کاروکاردانەوەی شاعیر بەرانبەر بە چەوساوەکان و بۆ لایەنگرییان دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە هەڵمەت لە شیعری " دەنگی زەنگێکی کپ"دا گلەیی لە شاعیران بە گشتی و بەتایبەتی شاعیری ناوداری ئیسپانی" لۆرکا"[١] دەکات، دەڵێت:

| |
|---|
| زۆر ... ڕقم لە شەڕەگایە |

| |
|---|
| بەڵام هەرچەند مرۆڤێک و گایەک لەسەر |
| سەکۆی یاری شەڕەگادا |
| لەهەر سوچێکی دونیادا |
| وەک دوو ... دوژمن |
| ئامبازی یەکتری دەبن |
| بۆ گاکە ژیان دەخوازم |
| بۆ مرۆڤەکەش مردن...! |
| ئەوە بۆچی ... ساڵی سەدان |
| گا ... لەجەرگەی گۆڕەپانی شەڕەگادا |
| خوێنیان دەبێ بە جۆگەلە و دێن بەلادا |
| هیچ شاعیرێ دڵۆپێ فرمێسکیش لە چاو |
| نارژێنێ بۆ گای کوژراو...! |
| بەڵام کاتێ مرۆڤێکی دڕ و خوێنرێژ |
| لەژێر سم و شاخی گادا |
| لە خوێندا سمکۆڵان دەکا |
| گایەک تۆڵەی سەد گای لێ دەستێنێتەوە |
| دەیان شاعیر، تاکو لۆرکا |
| تەرمی خوێناوی و کفنەکەی |
| بە مرواری شیعر دەڕازێنێتەوە...! |
| گۆڕەکەشی پڕ پڕ دەکا |
| لە گوڵە نێرگزی گریان |
| ناویشی دەنێ پاڵەوان...! ( هەڵمەت ، ٢٠١٤، ل٦١٣) |

هەڵمەت لەم شیعرەدا "گا" بە چەوساوە دەزانێت و مرۆڤ بە چەوسێنەر دەناسێنێت، چونکە جەنگەکە لە سایەی مرۆڤەوە دەستپێکردووە و مرۆڤە بووەتە هۆکاری هەڵگیرساندنی دوژمنایەتییەکە، بۆیە هەڵمەت ئاواتی ژین بۆ "گا" دەخوازێت و پێی خۆشە کە تۆڵەی چەوساندنەوەکەی دەستێنێتەوە، دەمی گلەییشی ئاراستەی شاعیران دەکات، کە بۆ "گا"کە نانووسن و بەرگری لێناکەن، کەچی لەبەرانبەریشدا بۆ مرۆڤەکە دەنووسن و فرمێسکی خەمباری بۆ هەڵدەڕێژن، کەچی لە حەقیقەتیشدا چەوسێنەرە، نەک چەوساوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا "هەڵمەت" پێداگری زۆر لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شاعیریی ڕێگەیەکی مەترسیدارە بۆ شاعیر، بەوواتایەی شاعیریی خۆ بەختکردنی شاعیرە، نەک خۆشگوزەرانیی شاعیر، بۆیە ڕووی دەمی لە هەموو ئەو کەسانە دەکات، کە نیازیان وایە ببن بەشاعیر و لە سایەی شاعیرییدا پشووبدەن، پێیاندەڵێت:

| |
|---|
| گەر دەتەوێ |
| نیوەشەوێ |
| کەوڵەکەت نەکەن بەمەشکە |
| مووی لەشت نەکەن بە ڕەشکە |
| دەمت نەکەن بە کوانووی ئاگر |
| مەبە بە شاعیر |
| مەبە بە شاعیر (هەڵمەت ، ٢٠١٤، ل٤١٤) |

هەڵمەت مەبەستییەتی بڵێت: شاعیریی کارێکی سەختە و بۆ ترسنۆکەکان نییە، ئەوانەی دەترسن، نابن بە شاعیر، چونکە شاعیریی هەڵوێست وەرگرتنە بەرانبەر دوژمن و هەموو نارێکییەک، جا لە سایەیەوە شاعیر ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوەی لە خۆی ڕانابینێت، ئاسانە؛ با نەبێتە شاعیر(٧).

هەڵمەت تێڕوانینی وایە: ئەو شاعیرەی خۆی پێ شاعیر بێت و ترس و ترسی مەرگی لە دڵدا بێت، ناتوانێت  ببێت بە شاعیر، چونکە شاعیریی پیشەی چاونەترسانە، هی ئەوانەن یاخین لەمەرگ و بۆ خۆشگوزانی خەڵکی دەژین، ئەوەی پێویست بێت بوترێت، بێ ترس دەیڵێن و سڵی لێناکەن، وەک دەڵێت:

| |
|---|
| ئەو شاعیرەی |
| مەرگ لە دڵیا ترس بچێنێ |
| نەء فێری دڵداری نابێ      ( هەڵمەت، ٢٠١٤،ل ٤٠) |

شاعیر لای هەڵمەت کەسێکی بەهەڵوێست و یەکڕووە، نەک هەر ڕۆژێک ڕووێک بنوێنێت و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا سەد ڕووی هەبێت، بۆیە بەلایەوە؛ ئەوانەی ڕووی ڕاستەقینەیان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگنەداتەوە و نەنوێنن؛ شاعیر نین؛ بەڵکو درۆزنن و شاعیرۆکەی بازرگانن، هەروەها شاعیریی کاری ترسنۆکەکان نییە، بەڵکو هی بوێر و ئازایانە، هی ئەوانەیە؛ دەست بۆ تاج و تەختی پاشایان دەبەن و بە لەتێک نان بۆ سکی هەژاران دەیگۆڕنەوە، وەک لە شیعری " تۆڵە"دا خستویەتییەڕوو و دەڵێت:

| |
|---|
| ئەگەر ئەمتوانی شیعری هەموو شاعیرە... |
| سەد... ڕوەکانم دەسوتان |
| ئەم زەوییەم دەردەهێنا... |
| لەژێر ژەنگی درۆی هەزار |
| شاعیرۆکەی بازرگان... |
| گەر ئەمتوانی وشەم ئەکرد بە چەقۆ... وشەم ئەکرد بە قاچی |
| دەمی هەموو شاعیرێکی ترسنۆکم هەڵدەپاچی... |
| گەر ئەمتوانی تاجی هەموو پاشاکانم... |
| بۆ هەژار و گەداکان |
| دەدا بە نان...      (هەڵمەت، ٢٠١٤، ل١٧٥) |

هەڵمەت بە خۆزگەی توانینەوە دەخوازێت، بتوانیبا سەرجەم شیعری ئەو شاعیرانە لەناوبەرێت و بیانسووتێنێت، کە دووڕوو و درۆزنن، بازرگانن، نەک شاعیر، کە بە شاعیرۆکە دەیاناسێنێت، ئەگەر لە توانایدابێت؛ سەروگێلاکیان هەتک دەکات، بۆ ئەوەی هەر زوو بناسرێنەوە و  خەڵک ڕووی ڕاستەقینەیان ببینێت، چونکە هەڵمەت تیڕوانینی وایە: شاعیر پیویستە ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە، ئەوسا شیعرێک دەخاتەوە، ساغ و تەواوبێت، نابێت شاعیر ڕووی ڕاستەقینەی خۆی وەک لێبووک( مهرج، clown) بشارێتەوە و فرمیسکی تیمساحانە بۆ گەل هەڵڕێژێت، ئەگەر وابکات، شیعرێکی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئیفلیجی خستۆتەوە، هەڵمەت نموونە بە ڕووداوی کارەساتی هەڵەبجە و  هۆنینەوەی شیعر بۆی دەهێنێتەوە، دەڵێت:

| |
|---|
| لە تراجیدیای هەڵەبجەدا |
| زۆر کۆمیدیا روویداوە: |
| ١. لە دایکبوونی هەزار شاعیری لێبووک |
| ٢. لە دایکبوونی دەهەزار شیعری ئیفلیج ...  ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٨٩) |

شاعیریی لای هەڵمەت بۆ مەبەستی خۆشی کەسی و پارە پەیاکردن نییە، هەر بۆیە ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە شاعیر دەربارێت و نەفرەت لەو شاعیرەش دەکات، کە گوێ بە پارەدەدات و گوێ بە قوڕەی سکی برسی هەژاران نادات، دەڵێت:

| |
|---|
| تف لەو شاعیرەش |
| گوێی لەزڕەی پارەیە و |
| گوێی لە زیڕەی |

| |
|---|
| مناڵە برسییەکان نیە     ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٦٤) |

هەڵمەت تێڕوانینی وایە: شاعیر نابێت بێ دەنگ بێت، شاعیریی و بێدەنگیی هەڵوێست وەرنەگرتن بە یەکەوە ناگونجێن، هەڵمەت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دەقەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە و لە چەند شوێنێک بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕوانینەکەی دەربڕیوە، بۆ نموونە دەڵێت:

| |
|---|
| بێ دەنگی کەڤرم خۆشدەوەێ |
| نەک بێدەنگی شاعیر |
| گۆرانی ئاوم خۆشدەوێ |
| نەک گۆرانی تەور     ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل١٠٧٨) |

واتە: بێ دەنگی لەهەندێک شتێکدا دێت، لێی جوانە و خۆشمدەوێت، بۆ نموونە بێ دەنگی کەڤر[٨] خۆشدەوێت، بەڵام بێدەنگی لەشاعیر نایەت و جوان نییە و خۆشمناوێت، هەروەها دەنگی هاژە و خوڕەی ئاو هەست بزوێنە لام و خۆشمدەوێت، بەڵام ڕقم لە دەنگی تەورە، چونکە دەنگێکە بۆ بڕینەوە و لە ناوبردنە.

هەڵمەت تێڕوانینی وایە: کاتێک شاعیر بێدەنگ دەبێت، مەبەستی خۆی تێدایە و بە دوای ڕێگە چارەسەرییەکدا قووڵبۆتەوە و بیردەکاتەوە، تا چۆن بتوانێت تەکانێکی بەم دۆخەدا بدات، یاخود چ چەک و هێزێک بۆ لە ناوبردنی دوژمن بەرهەمبێنێت، بۆیە ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە شاعیر بێدەنگیش بێت، بێ هەڵوێست و بێ بەرهەمبێت، وەک دەڵێت:

| |
|---|
| شاعیرێک بێ دەنگە |
| لەوانەیە بیر لە دروستکردنی |
| بۆمبایەک بکاتەوە     ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل١٢٣٤) |

یاخود دەشێت شاعیر ساتێک بێدەنگ بێت و مەبەستی بێدەنگییەکەی گوێگرتن بێت؛ لە ئاوازێکی بە تینی کاریگەر، بۆ هۆنینەوەی هۆنراوەیەکی تازە، وەک دەڵێت:

| |
|---|
| - بۆ بێدەنگی |
| ئەی شاعیر |
| + گوێ لە چپەی مۆسیقای |
| لەشی خۆشەویستەکەم |
| دەگرم     ( هەڵمەت، ٢٠١٤،ل١٠٧٥) |

وەک دەردەوکەوێت، هەڵمەت ساتێکی بێدەنگی خۆی بۆ گوێگرتن لە چپەی مۆسیقای لەشی خۆشەویستەکەی دەگەڕێنێتەوە، کە بە تین و کاریگەرە، ئەگینا بێدەنگی لە شاعیر نایەت، ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە شاعیر بێدەنگ ببووبێت.

**دەگەینە ئەوەی بڵێین، بەلای هەڵمەتەوە:**

أ. شاعیریی ڕێگەکی سەختە و بۆ ترسنۆکەکان ناشێت.

ب. شاعیر کەسێکی خۆنەویستە و لەپێناو دەستکەوت و بەرژەوەندی کەسی هەوڵنادات و دەربارنییە، بەڵکو لە پێناو گشتی تێدەکۆشێت و خۆی لە پێناویدا بەخت دەکات.

ج. شاعیریی تایبەتمەندییەکە لە هەڵوێست وەرگرتن و یاخیبوون لە مەرگ.

**2.3 شاعیریی، یان مامەخەمەیی:**

لای هەڵمەت شاعیریی خەمخۆرییە، چەشنی مامەخەمە لانەی خەمانە، بەڵام لەشوێن خەمخواردندا شادی بە خەڵک دەبەخشێت و  تروسکەیەک هیوا بۆ خەڵک وەچەنگ دەخات، بۆیە لە شیعری " پرسیار"دا ئەوە دەخاتەڕوو، کێ هاوشێوەی شاعیر وایە، بە قاچاخ خەمی خەڵکی دەخوات و شادییان بە قاچاخ پێ دەفرۆشێتەوە، یاخود کێ هاوشێوەی شاعیر مشوری خەمە قەدەغەکراوەکانە و بەدوای شادی خەڵکەوەیەوە، دەڵێت:

| |
|---|
| کێ وەک شاعیر |
| خەمی قاچاخ دەنۆشێ |

| |
|---|
| کێ وەک شاعیر |
| شادیی قاچاخ دەفرۆشێ... ؟ ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٣٦٠) |

هەڵمەت بە -شێوەی ناڕاستەوخۆ- ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە "زۆر بڵێی"ی کارێکی نەشیاوبێت بۆ لاڵ و پێشەواکان- کە شاعیرەکان دەتوانین بە زمانڕاستی لاڵەکان و پێشەوای گەل سەیری بکەین-، کورد دوو وتەی پێچەوانەیی بۆ زۆر بڵێیی هەیە، دەڵێت: ( زۆر گوتن قورئان خۆشە)، لە هەمانکاتیشدا ئەم وتەیەش لە ناو کورداندا باوە: ( زۆر گوتن، لە جەرگ سۆژییە)، بۆیە هەڵمەت سود لەوەی دووەمیان وەردەگرێت و زۆر بڵێیی بۆ شاعیر بە شتێکی خەمخۆری دەزانێت، لە شیعری " شیکردنەوەی زاراوەکان"دا بەم چەشنە " زۆر بڵێ" شیدەکاتەوە:

| |
|---|
| زۆر بڵێی حاڵەتێکی دەروونییە |
| یاخود مەشقێکی وەرزشییە |
| لاڵەکان و هەندێ لە پێشەواکان |
| ئارەزووی دەکەن (هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٦٩٤) |

ئەم خەمخۆرییەی شاعیر لە حەز و ئارەزووی شاعیرەوە، بۆ وەدیهێنانی حەز و ئارەزووەکانی چەوساوەکان سەرچاوەی گرتووە، چونکە هەڵمەت پێی وایە: ئامانجی شیعر هێنانەدی هیوا و داواکانی ئەوانە، نەک هەر لە سنوورێکی دیاریکراودا ناوچەیی(لۆکاڵی)، بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا، بۆیە ئارەزوو دەکات، لە هەرکوێی جیهان تینوێتی هەبێت، خۆی و شیعرەکانی ببن بەکانی، ببن بەچرا ماڵە تاریکەکانیان بۆ ڕۆشنبکاتەوە، بەوواتایەی ئەو دڵانەی هیوایان نەماوە، هیوا و چێژ و خۆشییان بۆ بگەڕێنێتەوە، دەڵێت:

| |
|---|
| چەندم حەز دەکرد گەورە بم وەکو کوڕە کەچەڵە |
| وەکو پاڵەوانی ئەو گشت مەتەڵە |
| پڕ لە ئاوزەنگی... هەر بەتەنیا خۆم |
| چەم و بیابان پەیکەم و بڕۆم |
| چل چرای شەوان<br>لە قەڵای دێوان |
| بێنم بۆ ماڵە تاریکەکەمان... |
| ئێستاش حەز ئەکەم |
| لە هەر وڵاتێ تینوێتی هەبێ |
| ببم بەکانی... |
| لە هەر دڵێکدا خۆشنوودی نەبێ |
| وشەم ببێتە چەمی گۆرانی!!! (هەڵمەت، ٢٠١٤،ل٥٢٩) |

هەڵمەت ئەم شیعرەی بە ناونیشانی " چل چرای شەوان" ٥، سوودی لە حیکایەتی ئەفسانەیی" کوڕە کەچەڵ و کچی پاشای پەریان'' وەرگرتووە، کە چۆن کوڕە کەچەڵ چاونەترسانە و سوارچاکانە ڕووبەڕووی دەعبا و دێو و درنجان دەبێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی چل چرای شەوان و هێنانی بۆ کچی پاشای پەریان، لای هەڵمەت ئەم حەزە چەسپاوە و لە منداڵییەوە حەزیکردووە، وەکو کوڕەکەچەڵ چل چرای شەوان بۆ ماڵە تاریکەکەی خۆیان بهێنێت و ڕۆشنی بکاتەوە، لێرەدا مەبەستەکە تەنیا ماڵەکەی خۆیان و ماڵانی گەلی کوردە؛ بە شێوە تەسکەکەی، بەڵام ئێستا گەورەبووە و نایەوێت؛ تەنیا بۆ خۆیان بێنێت، بەڵکو دەیەوێت بۆ هەموو جیهان بهێنێت و شەوی تاریکیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

هەڵمەت ڕوانینی وایە: شاعیریی خاوەن هەستێکی تایبەتە لە خەمخۆری، چونکە دڵی شاعیر تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە، ئەوەی ئەو جۆرە دڵەی هەبێت، دەبێتە مایەی کێشە بۆ خاوەنەکەی، ئەم دڵە وای لێدەکات قسە بکات، کە قسەش دەکات، دەردەکرێت و کەس بە خۆیەوە ناگرێت، کەچی هەر خەمدەخوات و دەخوڵێتەوە، وەک لە دەقە شیعری "دڵ"دا ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت:

| |
|---|
| ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێ |

| |
|---|
| لەم گەردوونەدا جێی نابێتەوە |
| ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێ |
| تا تا خۆر دەبێتە چەمی خۆڵەمێش |
| هەر دەسووتێت و دەکوژێتەوە |
| ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێ |
| وەک ئەم زەمینە تا دەتوێتەوە |
| بەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە... ! ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٥٤٢) |

چڕکردنەوەی تایبەتمەندی شاعیر و پەیوەستکردنی بە دڵێکی جیاوازەوە، لەخۆوە سەرچاوەی نەگرتووە، وەک ئاشکرایە دڵ سەرچاوەی ئارەزووەکانی مرۆڤە، شەوق جوانی و زرینگەی زێڕ و ڕابواردن و خۆشگوزەرانی کار لە دڵ دەکەن، بەڵام ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێت، خاڵییە لە ئارەزووی کەسیی و پڕە لە ئارەزوی خۆشگوزەرانی گشتیی، بەرانبەر بە دوژمن ڕەق و پۆڵاینە؛ بەرانبەر یارانیش نەرم و شل ...، بۆیە بەلای هەڵمەتەوە: دڵی شاعیر گەورەترین و مەزنترینی دڵانە، وەک لەڕێگەی پرسیارێکەوە دەیخاتەڕوو و دەڵێت:

| |
|---|
| ڕاستە دەڵێن |
| ئاسمان شووشە مەرەکەبە و |
| ئەستێرەش هۆنراوەی خوایە |
| ڕاستە دەڵێن |
| دڵی شاعیر |
| گەورەترین دونیایە... ؟ ( هەڵمەت٢٠١٤، ل ٤٣٤) |

گەورەترین دونیا؛ دڵی شاعیرە، هەموو مرۆڤ و گیانلەبەرانی لەخۆگرتووە، بۆ خۆی ناژیت و لەپێناو خۆشگوزەرانی خەڵکی تێدەکۆشێت، شوێنیان دەکاتەوە و منەتباریان ناکات، دایک ئاسا باوەشیان بۆدەکاتەوە.

**3 .3 شاعیریی لەنێوان سروشتبەرزی و بەرژەوەندیی کەسیدا:**

هەڵمەت لە شیعری " داستانی دوژمنایەتی"دا کە شیعرێکی تایبەتە بۆ ڕوونکردنەوەی ناکۆکی نێوان شاعیر و دەسەڵاتداران، تێدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە شاعیر سروشتێکی بەرزی هەیە و ماڵی دونیا ناخەڵەتێنێت، بەوواتایەی شاعیریی تایبەتمەندییەکی خۆنەویستانە و شاعیر هەژارییەکەی پێخۆشترە؛ لە کۆشک و زێڕ و هەوسبازی، نە شاعیر دەخڵەتێت و نە شیعریش بۆ پاشا دەچەمێتەوە، ئەمە هۆکاری سەرەکی قەدەغەی شیعر و ناکۆکی نێوان شاعیر و دەسەلاتدارانە، دەڵێت:

| |
|---|
| دەگێڕنەوە ... سەردەمانی کۆن و پێشوو |
| شاعیرێکی سەوداسەر بوو |
| شایەک پێی گوت: ئەی شاعیری بەنگی و سەرچڵ |
| گەر مرواری هۆنراوەیەک بکە بە ئەوکی تاجمدا |
| زێڕ و زیوت بۆ ڕۆدەکەم بە قەی باڵای هەزار چیا |
| فەرمان دەدەم کچان شیعرت لەمل بکەن لە جێی |
| خشڵ...! |
| شاعیر بە برسیەتی نوست شەو |
| بۆ سبەینێ کە لە گیانی کرایەوە |
| قەفی زۆلانەی کۆتی خەو |
| لەبەر دەرگای کچە هەژارێکدا... وەستا |
| هەموو زەوی بۆ نقوم کرد |

| |
|---|
| لەبارانی هەوری زێڕینی هەڵبەستا |
| من نازانم وەک باس دەکەن پیرەژن |
| پاشا و شاعیر لەوڕۆژەوە بوون بە دوژمن ...!   (هەڵمەت، ٢٠١٤،ل ٦١٨) |

هەڵمەت لەم دەقەی سەرەوەدا سودی لە تەکنیکی گێڕانەوەی حیکایەتی سەرزاری وەرگرتووە، هەوڵیداوە بۆچوونەکەی بەم چەشنە بخاتەڕوو، دوژمنایەتی نێوان دەسەڵاتداران و شاعیران بۆ ڕووداوێکی مێژوویی زۆرکۆن لێبداتەوە، پەیوەستی بکات بە نەچوونە ژێرباری داوای پاشاوە، کە شاعیر ڕەتی کردۆتەوە، بە شان و شکۆی پاشاوە هەڵبدات و لەسایەوە سامانێک چنگ بخات و ناوبانگ پەیدا بکات، سادەیی و هەژاریی و سەربەرزیی خۆی پێ خۆشتربووە و بە دوای وەرگر و چینێکدا گەڕاوە، کە لای پێویست و شایستەی نووسین بوونە، هەر ئەمەش وایکردووە، شاعیر ئاوارەبێت و جێگەی نەبێتەوە، هەڵمەت تێڕوانینی وایە: شاعیر لە سایەی شیعرەکانیدا ئاوارە دەبێت و شیعریش لەسەرزاری خوێنەراندا، شاعیر کەس بەخۆیەوە ناگرێت و ڕێزی لێنانێن، دەسەڵاتدارانیش لەولاوە دژایەتی دەکەن، وەک دەڵێت:

| |
|---|
| من و شیعر دوو ئاوارەین |
| دوو ئاوارە<br>شیعر لە سەر زاری دڵدارەکاندا و |
| منیش لەسەر |
| ئا ئەم زەوییە خەمبارە...!   ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٣٧١) |

هەڵمەت تێڕوانینی وایە: هەر دەقێک لە پێناو بەرژەوەندییەکی کەسی و بۆ دەسەڵاتدارن بنووسرێت، دەقێکی مردووە و شاعیریش؛ وەکو شاعیرۆکەکەی بازرگانی لێدێت، چونکە شاعیری پێ سووک دەبێت و بە گۆڕانی دەسەڵات و نەمانی دەسەڵاتی پادشا و سەرکردەکە، دەقەکەش دەمرێت، وەک لەم دەقەدا ڕووی کردۆتەوە و دەڵێت:

| |
|---|
| شاعیرۆکە ترساوەکان |
| ئەی زەلامە بێ ناوەکان |
| ئێوەن |
| ئێوەن |
| هۆنراوەتان |
| کرد بە ناڵی ئەسپی سوڵتان... |
| داتان بە ئاو |
| داتان بە نان |
| داتان بە ماچ |
| داتان بە گان... |
| ئەی زەلامە سواوەکان |
| کێ پێی وتن هۆنراوەکان |
| ببخشنە شا و خەلیفە خەساوەکان...؟ |
| بۆچی تاجی شا پیرۆزە... |
| یا کڵاشی چەوساوەکان...؟ |
| ئەو تەپڵەی کە ئێوە لێی دەدەن دەدڕێ... |
| ڕۆژێ دادێ |
| کۆشک و قەڵای هەموو شایەک |
| خاپوور دەکرێ |
| جا ئەو ساتە... |
| کێ هۆنراوەکانتان دەکڕێ... |

| |
|---|
| ئەی زەلامە پواوەکان... |
| ئەی شاعیرە پێڵاوەکان ... ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل١٦٢- ١٦٣) |

**کەواتە بە لای هەڵمەتەوە:**

أ. شاعیری دەربار؛ بەهیچ شێوەیەک سەنگی نییە و لەگەڵ ڕوخانی دەسەڵات؛ ئەویش دەڕوخێت.

ب. دەسەڵاتداران بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە شیعر دەکەن، تەنیا ئەو شیعرانە نەبێت، کە بە شان و باڵیاندا هەڵدەدات، بەڵام لای هەڵمەت ئەوەی ئەم کارە بکات، شاعیر نییە، بەڵکو " شاعیرۆکەی بازرگانە".

ج. دوژمنیاتی شاعیر و دەسەڵاتداران، لە هێزی کاریگەری شیعرە، بەسەر دەسەڵاتیانەوە، هەروەها نەچوونی شاعیرە بۆ ژێرباری داوایان.

**3. 4 پێگە و ڕۆڵی شاعیر:**

شاعیر داهێنەری دەقە و پێگە و ڕۆڵی بەسەر دەقەوە هەیە، هەڵمەت تێڕوانینی وایە: کاری ڕەخنەگریی لە سایەی شاعیر و بەرهەمەکەی سەریهەڵداوە، ئەگینا کێ ڕەخنەگر دەناسێت، بەو واتایەی پلە و پایەی ڕەخنەگر، لە خوار پلە و پایەی شاعیرەوەیە، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەگەر شاعیر نەبێ | کێ کێ ...کێ |
| ڕەخنەگر دەناسێ | (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٧٨١) |

مەبەستی هەڵمەت لەم دەربڕینەدا، زیاتر وەک دیاریکردنی پێگەی شاعیر و ڕەخنەگرە وەک خۆی، دەیەوێت بەرپەرچی ئەم بۆچوونە بداتەوە، کە بەشێک لە وەرگر و ڕەخنەگران پێیانوایە: "ئەمە ڕەخنەگرە، گیان بەدەق دەبەخشێت"، هەڵمەت یش پێی وایە: نەخێر ئەوە شاعیرە؛ دەق دەخاتەوە و ڕەخنەگران بە وردبوونەوە لێی؛ پلەی ئێستاتیکی و قووڵی واتاکەی شیدەکەنەوە، ئەگەر شاعیر نەبێت، دەق نابێت، ڕەخنەگر لە سایەی دەقەوە بووە بە ڕەخنەگر.

**3. 5 شاعیریی و شێتی:**

شاعیریی چەشنێکە لە شێتی، بەڵام کام شێتی؟!؛ شێتێتییەکی داهێنەرانە، جیاوازی سەرەکی لە نێوان کەسێکی شێت و شێتێکی هونەرمەندا داهێنانە، چونکە(خاڵێکی هاوبەش لە نێوان کەسێکی شێت و شێتێکی هونەرمەندا هەیە، ئەویش خۆ دابڕاندنە لە جیهان، کە ئەم خۆ دابڕاندنە بۆ کەسی شێت دەبێتە زیندان، بەڵام بۆ هونەرمەند دەبێتە ساتێکی مەزن و بەشکۆ و بە بەرهەم)(Sirvry& Meyer، ٢٠١٨، ل٦١-٦٢)، جیاوازی هەڵسوکەوتی شاعیرانەی شاعیر -لە ڕفتار و گوفتاردا- لەگەڵ کەسانی ئاساییدا جۆرێک لە نامۆیی بەشاعیر بەخشیوە، کە ڕاستیدا بلیمەتی شاعیر و چاونەترسی لەمەرگ و یاخیوون و ڕاستی وتنی... کردوونی بەشێت، کورد وتەنی:( ڕاستی لە شێت، یا لە منداڵ)، لەبەرئەوەی هەردووکیان – شێت و منداڵ- بێ پەردەی ترس و سود و زیانی خۆیان دەدوێن و ڕاستییەکان دەگێڕنەوە، هەڵمەت شانازی بەو شێتییە دەکات، چونکە جگە لە ڕاستی و چاونەترسی و بلیمەتی و ناخودپەرستی خۆی هیچیتر ناگیەنێت بۆی، هەر بۆیە دەیەوێت بۆ هەمووان ڕوونی بکاتەوە، کە کێ شێتە، خۆی، یاخود ئەوانەی بۆ سودی خۆیان هەوڵدەدەن، دەڵێت:

| |
|---|
| گەر شێتیش بم شێتی پارە و دینار نیم |
| گەر شێتیش بم شێتی کۆشک و تەلار نیم |
| بۆچی منیش وەکو ئێوە |
| شێتی مێز و ئەسکەمیلم |
| بۆچی منیش وەکو ئێوە |
| شێتی شێوەی ئۆتۆمبیلم |
| بۆچی منیش وەکو ئێوە<br>شێتی شەوی بارەکانم |
| شێتی سەمای کچی تیاترۆی شارەکانم |
| بۆچی منیش وەکو ئێوە شێتی ناوم... |

| |
|---|
| یا من شێتی تروسکەیەک هەتاوم...؟      ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل١١٩ - ١٢٠) |

هەڵمەت شێتی خۆی لە دڵسۆزی خۆی و ئازادی بۆ گەلەکەیدا دەبنێتەوە، بۆیە خۆی بەو شێتە نازانێت، کە بە شێت لە قەلەمیانداوە، بە گومانی ئەگەری خۆی لەگەڵ ئەوان بەراورد دەکات، چونکە کەسێکی خۆنەویستە و پێچەوانەی گشت ئەوانەیە، کە شێتی پارە و تەلار و خۆشڕابواردن و ناوبانگ و...تا دواین، هەڵمەت ئەگەرچی بە گشت قسەدەکات و ڕووی دەمی لە هەمووانە، کە بە "ئێوە" دەدوێت، بەڵام وا پێدەچێت، لە بەرپەرچی ڕەخنە و ناتۆرەی دانەپاڵی شتێتیەتی لای کەسانێکەوە بێت، کە خۆیان بە ڕۆشنبیر و خەمخۆر و شاعیر زانیوە لەو سەردەمدا، چونکە لە چەند شوێنیتریشدا نەفرەت لەو شاعیرانە دەکات، کە خۆیان و قەلەمەکەیان بۆ پارە و ناوبانگ فرۆشتووە و نەیانتوانیوە گۆڕانکارییەک لە ژیانی کۆمەڵدا دروست بکەن و تروسکە هیوایەکی بۆ بەدیبهێنن، کە ئەوپەڕی شەرمەزارییە و شێتی بێ هۆش ئەوانن، بۆیە هەڵمەت بە شانازییەوە بە یارەکەی – کە بە ناڕاستەخۆ هەموو کەسێکی پاک دەگرێتەوە- دەڵێت، شێتی من جێگەی شانازییە و ئەگەر وتیان " لەتیف هەڵمەت" شێتە، بڵێ: بەڵێ شێتە.

| |
|---|
| کچێ... ئەگەر ئەمجارە وتیان دڵدارەکەت |
| شێتە... |
| ئەگەر ئەمجارە وتیان: لەتیف هەڵمەت شێتە... |
| پێیان بڵێ: شێتی ... منە... شێتی بارانێکی ترە... |
| شێتی بەهارە... بەهاری کورد.. |
| ... |
| تۆش هەر بۆ منی و |
| منیش ئەو شاعیرە شێتەم |
| کە لمی هەموو ڕەشەباکان |
| چەمی هۆنراوەم لێخن ناکات و |
| پەڕ و باڵی سیمرخی ئەندێشەم |
| ناوەرێنێ و |
| چاوی ڕوانینم ناخاتە گڵ و |
| هەوری شەستە بارانی ئەوینم      ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٢٠٢) |

واتە: من ئەو شێتەم ،کە هیچ هێزێک کاریگەری لەسەر بیروباوەڕەکانم دروست ناکات، ناتوانێت کێوی هیوام لەباربەرێت، ئەوین و خۆشەویستی ڕێگەی ئازادییم پێ چۆڵ بکات، چونکە من شێت و شەیدای ئەو ڕێگەیەم، لە ئەندێشەمدا چەسپاوە و دەریایەکە لیخن نابێت.

**کەواتە:**

أ. شاعیریی چەشنێکە لە شێتی، بەڵام شێتێکی داهێنەر و خۆنەویستە.

ب. شێتی شاعیر لە ئەوینی شاعیرەوە بۆ ڕێگەیەکی دروست و هیوایەکی ڕۆشن سەرچاوەی گرتووە.

**4. ئەنجام:**

**1.** شاعیر کەسێکی خۆنەویستە، لە پێناو بەرژەوەندییە کەسییەکانیدا تێناکۆشێت، بەڵکو هەموو هەوڵێکی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دایە و دەگرێتەبەر، بە تایبەت لایەنگری چەوساوەکانە و لە پێناو بەرژەوەندییەکانیاندا هەوڵدەدات.

2. شاعیریی هەستێکی تایبەت و جیایە، ئەم هەستە تایبەتە دەیکات بە شاعیر، کە خۆی لە: دڵسۆزی و خەمخۆری و ڕاستگۆیی و هەڵوێست وەرگرتن و یاخیبوون و شێتی ...دا دەبینێتەوە، خۆڕسکانە لە دڵی چەسپاوە و سروشتیانە پارێزگاری لێدەکات.

3. شاعیر سەر تۆپکی داهێنانەکەیە و ناکرێت فەرامۆش بکرێت، دەق بەرهەمی ڕەنجییەتی، وەرگر و ڕەخنەگر لە دوای ئەوەوە دێن.

4. شاعیریی ڕێگەیەکی مەترسیدارە و بۆ ترسنۆکەکان ناشێت، چونکە شاعیریی خودی شاعیر تا لێواری مەرگ و تەنانەت مەرگیش دەبات.
5. لەتیف هەڵمەت کۆمەڵێک زاراوەی بۆ نا شاعیر – کە بەلایەوە ناشاعیرن- بەکارهێناوە، لەوانە: شاعیرۆکەی بازرگان، شاعیری ترسنۆک، شاعیری خەساو، شاعیری مەست، فەریکە شاعیر، شاعیری هەزارڕوو، شاعیری لێبووک...، کە مەبەستییەتی جیایانبکاتەوە لە شاعیری ڕاستەقینە و ئەرکی ڕاستەقینەی شاعیر، بەلایەوە ئەوانە شاعیرنین، بەڵکو شاعیری دەربارن، یاخود ترسنۆکن لە وتنی ڕاستییەکاندا، کە هیچ یەک لەوانە؛ لەگەڵ تایبەتمەندی شاعیر نایەنەوە و ناگونجێن.

## 5. پەراوێزەکان:

[١] توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزێکی دکتۆرا بە ناونیشانی: "چەمکی شاعیر، شیعر، وەرگر، لە دەقی شیعری کوردیی جەمال شارباژێڕی و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەتدا".

[٢] چەمکی شاعیر ڕاستەخۆ پەیوەستە بەم سێ چەمکەوە، چونکە کاتێک لە بارەی شاعیر دواون، وەک کەسێکی شێت داياناوە، شێتی شاعیر بەو جیاوازبوونەی هەڵسوکەوت و گوتە سەیرانە پەیوەستە، کە شاعیر یاخیانە و سەرکێشیانە دەیکات و دەریدەبڕێت، هەروەها بەهرەمەندییەکەی ئەو جیاوازیانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەی سروشتی لێی بەدەرکەوتووە و جیاواز لە خەڵکانیتردا دەرکەوتووە، مەبەست لە هونەرمەندانەش ئەوە دەگەیەنێت؛ لە ڕێگەی ئەزموونەوە وەک پیشەیەک هونەر دەنوێنێت، زۆربەی کات بەهرەمەند و هونەرمەندانەی شاعیر بە یەکەوە سەیرکراوە و لەم ڕووەوە پێبەخشیراوە.

[٣] خودا لە کاری چاکەدا هاوکاری بەندەکانی دەکات، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (محمد ص)دا هاتووە، کە خودا یارمەتی شاعیری ڕەسول (حسان بن ثابت)ی داوە، وەک دەفەرموێت:( إِنَّ اللَّهَ يُؤَيِّدُ حَسَّانَ بِرُوحِ الْقُدُسِ , مَا يُنَافِحُ أَوْ يُفَاخِرُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ )(ناصیف، ١٩٧٥، ل٢٨٣)، بەم تێڕوانینە بێت، لە ئاینی ئیسلامیشدا شاعیر لە شیعرنووسیندا سەرەڕای توانا پیشەیی و زانستییەکەی هاوکارییەکی دەرەکی یارمەتی دەدات.

[٤] شاعیری تازەگەری دانیمارکی" نیلس هاو- ١٩٤٩ " لە شیعرێکیدا دەڵێت:

| |
|---|
| (شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە! |
| شیعر دەبێت وەک نووکی ڕم ڕاستگۆ بێت |
| تێکەڵەیەک بێت لە ڕاستی و فریودانێکی گونجاو |
| پاشان شانازی دەکەیت) ( هاو، ٢٠١٦، ل٨٩ ) |

[٥] هەڵمەت لە دەقێکدا خۆی بە شاعیرێکی زۆر لاسار دەناسێنێت، لە پێناو هەژار و چەوساوەکانی دونیادا هەموو کارێک دەکات، دەمی سکاڵای هەژارانی هەموو جیهانی پێیە و دەیباتە بەردەم دەرگای خودا، وەک دەڵێت:

| |
|---|
| من شاعیرێکی زۆر لاسارم |
| شکاتنامەی هەژارانی هەموو زەویم |
| پێیە و |
| بۆ لای خوای دەبەم ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٨٥) |

[٦] (فیدیریکۆ گارێتا لۆرکا ( ١٨٩٨- ١٩٣٦) ئەدیب و شاعیری بەناوبانگی ئیسپانییە، لە کاتی کۆدەتا و شەڕی ناوەخۆیی وڵاتدا گوللەباران دەکرێت و دەکوژرێت) (جیلی ٢٠١٢، ل١٢)، بۆیە هەڵمەت بە تایبەت ڕووی دەمی لە "لۆرکا" یە، چونکە وڵاتی ئیسپانیا بە وڵاتی شەڕەگا ناوبانگی هەیە و وەک کلتورێک ساڵانە دووبارەی دەکەنەوە، هەروەها لۆرکا بە شاعیری ئازادی و لایەنگی چەوساوەکان ناسراوە و شاعیری هەرە دیاری ئەو وڵاتەیە و دەیەوێت گلەیی ئاڕاستە بکات.

[٧] هەڵمەت نموونە بە خۆی دەهێنێتەوە، کە ئەو هەستە خۆبەختکردنەی لە منداڵییەوە -وەک حەزێک- لەلا گەڵاڵەبووە، هۆکارەکەشی پەیوەستبووە؛ بە خۆشەویستی نیشتمانەوە، وەک لە شیعری " شاعیر"دا دەڵێت:

| |
|---|
| هەر مناڵ بووم |
| حەزم دەکرد بم بە شاعیر |
| هەر بە مناڵی سوێندم خوارد |
| بە گوڵێک و چنگێ خۆری کوردستان |
| وشە بکەم بە ئاگر ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ل٤١٥) |

[٨] کەڤر بە واتای (بەرد، بەردی زل، (هەژار١٣٦٩هـ، ل٦٦١)، یاخود بە واتای (تاشەبەردی گەورەی قەد شاخ) (خاڵ٢٠٠٥، ل٣٨٠) دێت.

## 6. لیستی سەرچاوەکان:


- (قورئانی پیرۆز، یس، ٣٦:٦٩).

**سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

- ئەحمەد، دیلمان قادر، ٢٠٢٠، چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورددا(١٩٢٠- ١٩٧٠)، چاپخانەی سارا.
- ئەرەستو، ٢٠١١، هونەری شیعر، و: عەزیزگەردی، چاپخانەی گەنج، چاپی دووەم، سلێمانی.
- ئەفلاتون، ٢٠٠٨، کۆمار، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: د. محەمەد کەمال، چابخانە ؟.
- بەرزنجی، ئازاد، ٢٠١٦، ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، چابخانەی تاران، بڵاوکراوەی ئەندێشە.
- بەسیر،(د.) کامل حەسەن ، ١٩٨٣، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
- تاقانە، پشتیوان ئەسعەد کەریم، ٢٠١٦، شیعر لە ڕوانگەی شاعیرانی کلاسیکی کوردەوە کرمانجی خواروو وەک نموونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- جیلی، ج.ل. ٢٠١٢، لۆرکا شاعیری نەمری ئیسپانیا، و: عەبدولڕەزاق بیمار، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- خاڵ، شێخ محەمەدی، ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر.
- ڕەسوڵ، (د.) شوکریە، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەولێر.
- ڕەنجدەر، سەباح، ٢٠٠٥، شیعر بۆ چێژ و جوانی- چێژ و جوانی بۆ هەمووان، گۆڤاری ڕامان، ژ: (١٠٠).
- ڕووشدی، سەلمان، ٢٠١٧، ئەدەبیات ئەمەیە – گفتوگۆ لەگەڵ سی ئەدیبی ناوداری جیهانی، و: پێشەوا فەتاح، چاپخانەی حەمدی، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا.
- سابیر، (د.) پەرێز ، ٢٠٠٨، سەرچاوەی شیعر وەك مەسەلەیەك لەڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ژ:٣٣.
- گەردی، (پ.د) سەردار ئەحمەد، ٢٠١٧، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- هاو، نیلس ، ٢٠١٦، شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە، و: ئالان پەری، چاپخانەی تاران – بڵاوکراوەی ئەندێشە.
- هەژار، ١٣٦٩هەتاوی، هەنبانەبۆرینە (کوردی- فارسی)، بڵاوکردنەوەی سروش، چاپی یەکەم، تەهران.
- هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی تاران، بڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس.
- هەندرێن،٢٠٠٧، ڕاستی ژیربێژییەکی مەست – شیعرییە، گوڤاری ڕامان، ژ: (١٢٥).
- هۆراس، ١٩٧٩، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چاپخانەی الزمان، بەغدا.
- Sophie De, Philippe ،Sivry& Meyer. ، ٢٠١٨، هونەر و شێتی، و: کاوە عەباس بەدری، چاپخانەی کارۆ.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

- ناصيف،الشيخ منصور على ، ١٩٧٥، التاج الجامع للاصول فی احاديث الرسول، ج:٥، دارالفكر، ط:٤، بيروت.
- تكروني، رضية بنت عبدالعزيز بن شعيب، ٢٠٠٢ ، الاسس الجمالية فی النقد الادبي عند الجاحظ، رسالة ماجستير، جامعة: أم القرى- سعودية.
- فتحی، ابراهيم ،١٩٨٦، معجم مصطلحات الادبية، الموسسه العربية، تونس.
- نعمة و اخرون، دارالمشرق (المحررون: انطوان) ،٢٠٠٣، المنجد الوسيط، دارالمشرق، بيروت.
- الكفوي، لابي البقاء ايوب بن موسى الحسيني، سنة ؟. كليات، ج:٣، دارالكتاب الاسلامي، قاهرة.
- الفيروز ابادى، مجدالدين محمد بن يعقوب، سنة ؟. القاموس المحيط، ط:٤، دار المعرفة بيروت.
- درويش، على (د.)، سنة؟. فن الشعر لبوالو، مجلة: تراث الانسانية، المجلد:١، دارالرشاد الحديثة.

**سەرچاوە بە زمانی فارسی:**

- دهخدا، علي اكبر١٣٧٧هـ.ش، لغت نامه دهخدا، جلد: ٩، چاپ گستر، ط: دوم.

## مصطلح الشاعر في النص الشعري عند لطيف هلمت

**پشتيوان أسعد كريم**
قسم التمريض- كلية سوران التقنية/ جامعة أربيل التقنية
Pshtiwan.kareem@epu.edu.iq

**سليم رشيد صالح**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية / جامعة صلاح الدين
Salim.salih@su.edu.krd

**ملخص**

مصطلح الشاعر؛ بفضل إبداعاته -الشعرية- المتنوعة ومصادر هذا الإبداع؛ نظر اليه من وجهات وزواية مختلفة، من القديم وإلى يومنا هذا؛ ومن أكثر الموضوعات القابلة للنقاش ومن أهم ماعرف به: المجنون، مبتكر أو مبدع، صاحب موهبة وخبرة، وهذا مرتبط بأختلاف وجهات النظر حوله والى دوره ومكانتة الإبداعية .

لطيف هلمت؛ أحد لشعراء المبدعين في الأدب الكوردي الحديث، وكان له دور بارز في تجديد النص الشعري الكوردي. وقد تحدث في أشعاره عن خصائص الشاعر ومهامه، وقام بالتعبير عن هذه الآراء بطريقة مباشرة أحياناً وغير مباشرة أحيانا أخرى، لذلك تسعى هذه الدراسة إلى طرح وترتيب تلك الآراء وتحليلها.

الدراسة مكونة من: مقدمة، ملخص للبحث، فصلين، الفصل الأول بعنوان: "مصطلح الشاعر والآراء المختلفة حوله"، تم فيه التحدث عن مصطلح الشاعر بشكل نظري في مبحثي بعنوان: "الشاعر والإنسان الطبيعي، الشاعر والحقيقة" تم فيه التحدث عن الجوانب المختلفة والآراء الشتى عن الشاعر عند الفلاسفة والنقاد. والفصل الثاني بعنوان: "مصطلح الشاعر في النص الشعري عند لطيف هلمت" وضمن هذا الفصل آراء لطيف هلمت عن الشعراء في خمسة مباحث بعناوين: " لماذا الشاعر ليس من الجبناء، الشاعرية أم الإثارية، الشاعرية بين مصلحة المجتمع والمصلحةالشخصية، دور ومكانة الشاعر، الشاعرية والجنون). وفي نهاية البحث تم عرض أهم النتائج ، وتليها قائمة المصادر والمراجع، مع ملخص مترجم للبحث باللغة العربية والإنجليزية.

**الكلمات المفتاحية:** الشاعر، الشاعرية، لطيف هلمت، التمرد، مهمة الشاعر، مصدر الشعر.

## The Concept of the Poet in Latif Halmet’s Poetic Text

**Pshtiwan Asaad Karem**
Nursing Department, Soran Technical College,
Erbil Polytechnic University
Pshtiwan.kareem@epu.edu.iq

**Salim Rashid Salih**
Kurdish Department, College of Education,
Salahaddin University-Erbil
Salim.salih@su.edu.krd

**Abstract**

The concept of the poet; Thanks to his invention—poetry—difference, function and source of invention; It has been viewed from many perspectives, from ancient times to the present; It has been identified as crazy, innovative, talented and experienced, depending on its different views and the role and position of his innovation.

Latif Helmet; He is one of the most innovative poets of contemporary Kurdish literature and has played a significant role in the innovation of Kurdish poetic texts, he has spoken extensively about the characteristics of the poet and its duties in his poems, in which he has expressed his opinions and understandings about the poet directly and indirectly. In this study it is attempted to organize, present and analyze them.

The research consists of: introduction, abstract and two sections: the first section is entitled: "The concept of the poet from different perspectives", theoretically about the concept of the poet in two themes are discussed and entitled by (Poet and Ordinary Human Being, Poet and Truth) in which the different aspects and different views of the poet from the perspective of philosophers and critics are presented. The second section is entitled: "The Concept of the Poet in Latif Halmet’s Poetic Text", Latif Halmet's views on the poet are presented in five topics entitled: (Poetry is not for the cowards, poetry or sadness, poetry between pride and personal interest, the position and role of the poet, poetry and madness). In conclusion, the results of the study are summarized in five points. Then the list of references used is presented, and the abstract is available in Arabic and English.

**Research Keywords**: Poet, Poetry, Latif Halmet, Rebellion, Poet's Duty, Poetry Source.